# ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## شکۆدار بێ، ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانیی چینی کرێکار

ئێستا لە ئاستی جیهاندا، پاش دەورەیەك لە هێرشی سەرمایەداری بۆ سەر دەسکەوتە کرێکارییەکان، شاهیدی خۆڕاگرییەکی پتەو و یەکگرتووانە لە بەرانبەر ئەو هێرشە و ئاوێتە بوون و هاوپشتی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازانەکانین، بە جۆرێ کە دەوڵەت و دەسەڵاتە گەورە و سەنعەتییەکانی ئورووپا و ڕۆژئاواش ناچار بوون لە هەندێ بواردا پاشەکشە بکەن و لە هەوڵی ئەوەدان ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بدۆزنەوە.

لەم ڕۆژانەدا کە ڕێکخراو و نیهادە کرێکارییەکانی سەرتاسەری جیهان خۆیان بۆ جەژنی هاوپشتی جیهانیی کرێکاران ڕێك دەخەن، لە کاتێکدا کە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی سەعاتی کار و پەرەدان بە ڕیفاهییات و دابین کردنی گارانتی کاری، یەکێ لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی جیهانیی کرێکارانە، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، چالاکانی کرێکاری لە زیندانەکان و لە ژێر ئەشکەنجەدان. سەرکوتی چینی کرێکار و گوشار بۆ سەر ژیانی ئەم چینە، دواخستنی هەقدەستەکان، بێکار کردنی بەرین، هێرشی چەکدارانە بۆ سەر هەر ناڕەزایی دەربڕین و کۆبوونەوەیەکی سێنفی ئەوان، بۆتە کردەوەی ڕووتینی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لە بەرانبەر کرێکارانی ئێراندا.

خەباتی ساڵی ڕابردووی کرێکارانی ئێران، بە تایبەت خەباتی کرێکارانی شرکەتی واحد و پشتیوانی هەموو خەڵکی ئێران و سەندیکا کرێکارییەکانی جیهان لێیان، نیشانەی دەورەیەکی نوێی خۆڕاگری و ورە بەرزیی کرێکارانی ئێران و شەپۆلی هاوپشتی جیهانییە، لەگەڵ خەڵکی ئێران بۆ خەبات بە دژی ڕژیمی ئیسلامی.

ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە هەر دەورەیەکی دیکەی تەمەنی خۆی، نەك تەنیا لە ئاستی جیهاندا تەرك و ڕیسوا بووە، بەڵکوو وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچەکە و جیهان ناوبانگی دەرکردووە. ئەم ڕژیمە بە چالاکی ماجەراجۆیانەی خۆی بۆ دەستەبەر کردنی چەکی ئەتۆمی بە هەر نرخێك، گاڵتە بە چارەنووسی خەڵکی ئێران و ناوچەکە دەکات. چەکی ئەتۆمی یەکێ لە تەوەرە سەرەکییەکانی ستراتژی ڕژیمە بۆ مانەوەی خۆی و بۆ درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوت و ترساندن و تۆقاندن لە ئێراندا. بۆیە پێویستە کرێکاران و هەموو توێژی ستەمدیتوو و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، خوازیاری ڕاگرتنی کردەوەی ماجەراجۆیانەی ڕژیمی ئێران بن بۆ دەستەبەر کردنی چەکی ئەتۆمی.

زیاتر کردنی گوشار بۆ سەر ژنان و ڕێکخستنی هێرش و پەلاماری لات و لوتی ویلایەتی فەقیە و حیزبوڵڵا بۆ سەر کۆبوونەوە و ناڕەزایی دەربڕینی ژنانی ئازادیخواز و مافخواز، هەوڵێکە بۆ بووژاندنەوە و باو کردنی داب و

نەریتی سەدەکانی ناوەڕاستی دژ بە ژن، وەستانەوە لە بەرانبەر خواستی لاوان و سەرکوتی نوێخوازی لاوان و خەباتیان بە دژی کۆنەپارێزی، لە هەمانحاڵدا ئەم گوشارانە، دەبێتە هاندەری بزووتنەوەی ژنان و لاوان بۆ جەخت کردنەوە لە سەر مافە ڕەواکانیان کە بێشك ئەم هەوڵانە لە داهاتوودا بەرینتر دەبێ و هەر لە ئێستاوە دەبێ وەك بناغەی پتەوی دێموکراسیخوازی لەبەرچاو بگیرێن.

بزووتنەوەی گەلانی بندەست لە ئێران و لە سەروو هەموویانەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەدان و سەقامگیرکردنی دێموکراسی و سێکۆلاریزم لە ئێراندا. پشتیوانی لە مافی یەکسانی گەلانی ئێرانی و نەمانی ستەمی میللی، هەقوایە بەشێکی گرنگ لە پلاتفۆرمی خەباتی کرێکارانی ئێران بێت. کرێکارانی ئێران دەبێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلان، ژنان و لاوان وەك نزیکترین پشتیوانانی خۆیان بزانن و لە هاوپشتی کردن لەگەڵ ئەو بزووتنەوانەدا بچووکترین شك و گومانێکیان نەبێ. خەبات بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی دێموکراسیخوازی، هەوڵ و کۆششێکی پێویستە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کرێکاران دەتوانن تێیدا دەور و نەقشی سەرەکی و دیاریکەریان هەبێ.

کرێکاران و خەڵکی کوردستان، لە ماوەی نزیك بە سێ دەیە خۆڕاگری لە بەرانبەر سەرەڕۆیی ڕەهای ئیسلامیدا، نە تەنیا لە کوردستان پارێزەر و پەرەپێدەری سوونەتی پێشکەوتوو و ئازادیخوازانە بوون، بەڵکوو لە ئێرانیش بۆتە هۆی پەرەسەندنی ڕۆحی دێموکراتیك و لە دەورەی ئێستاشدا بناغەی پتەوی خەبات دژی دواکەوتووییە. کۆمەڵە وەك حیزبێکی سۆسیالیست و ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە کوردستان، جەخت لە سەر هاوپشتی خەباتکارانە لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران دەکات و باوەڕی بەوە هەیە کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، دەبێ بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی کرێکاران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێران بێ.

## پتەوتر بێ یەکێتی و هاوپشتی کرێکاری لە ئێران و جیهاندا

## مەرگ و نەمان بۆ سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی

## کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## ٥ی گوڵانی ١٣٨٥ی هەتاوی

## ٢ی ئاوریلی ٢٠٠٦ی٥ زایینی

www.komala.org
Email:komala١٣٤٨@yahoo.com
Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Mobile: ٠٠٩٦٤٧٧٠٢٢٠٧١٢٣٧